# پێشنیارێك بۆ خەڵكی كوردوستان دانیشتووی وولاتانی

# ئەوروپا . ئەمەریكا . ئوسترالیا

## بەسلاوی گەرم و هیوای لەش ساغیتان

بەرێزان وەك ئاگادارن لە شاری سلێمانی و لەندن بڕیارەكۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردوستان ببەسترێت . ئەم كۆنگرەیە دەتوانێ هەنگاوێك بێت لە ڕاستای بەدی هێنانی ئاواتێكی سیاسی و ئینسانی ئێستای خەڵكی كوردوستان كە خۆی لە سەربەخۆیی كوردوستاندا دەبینێتەوە . ئەم كۆنگرەیە گەر سەركەووتوبێت بە ڕەئی من وەلامێكی زۆر سیاسی و جیدی خەڵكی كوردوستان دەبێت بە هەڕەشە شۆڤێنیەكانی یاوەر و نیشان دانی ئیرادەیەكی بەهێزە لەلایەن خەڵكی كوردوستانەوە . هەركەسێك بەهەر جۆرێك بتوانێ پشتیوانی لەم كۆنگرەیە بكات دەتوانێ لە گۆشەیەكی مێژووی خەباتی هەقخوازانەی خەڵكی كوردوستان جێگای خۆی بكاتەوە . من لێرەدا بۆ پشتیوانی لەو كۆنگرەیە پێشنیاری نامەیەكی پشتیوانی دەكەم هەركەس پێی باشە ئیمزای خۆی بدات لەو نامەی پشتیوانیە دەتوانێ بە جۆرێك لەجۆرەكان بەشداری و پشتیوانی خۆی لەو كۆنگرەیە ڕابگەیەنێت .

نامەی پێشنیار كراو

بۆ كۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردوستان لە شاری سلێمانی و لەندەن

بەرێزان ئامادەبوانی كۆنگرە

ئێمە سەرەرای دەست خۆشیتان لە بەستنی ئەم كۆنگرەیە بۆ خواستی ڕیفراندۆم پێش هەڵبژاردن و سەربەخۆیی كوردوستان كە ئاواتێكی گەورە و ئومێدێكی دڵی ئێمەیە پێتان ڕادەگەیەنین كە ئێوە لە دەرەوە پشتیوانتان زۆرە و ئامانجێك كە ئێوەی لەسەر كۆبونەتەوە ئامانجی ئێمەشە . ئێمە پێمان وایە لە نێو هاوكێشە سیاسیەكانی ئەمرۆی جیهان و ناوچەكە و عێراق سەربەخۆیی كوردوستان دەتوانێ خەڵكی كوردوستان لە پلە دووی و هەڕەشەی هەموو ڕۆژە ڕزگار و پارێزراو بكات .

بۆیە ئێمە ئەو كەسانەی كە لە خوارەوە ناومان هاتووە بەم نامەیە پشتیوانی خۆمان لە كۆنگرە ڕادەگەیەنین .

بژی خەڵكی كوردوستان

بەرەو سەربەخۆیی كوردوستان

سەركەووتوبن

تێبینی "هەركەس پێی باشە ناوی خۆی لەسەر ئەم نامەیە تۆمار بكات دەتوانێ بەم شێوەیە پەیوەندی بە منەوە بكات بەمەرجێك ناوی سیانی خۆت و وولاتەكەت بنێری من جۆری ناردن و ڕێكخستنی ناوەكان بە ئەمانەتەوە لە ئەستۆ دەگرم "

004565977809 تەلەفونی ماڵەوە ئەم تەلەفونە لەسەرسێرفسە هەركات وویستت ناوی بەرێزت لەگەڵ وولاتەكەت بڵێ .

004530887809 تەلەفونی مۆبیل هەمیشە كراوەیە .

دڵسۆزتان هیدایەت مەلا عەلی

Hidayat_malaali@yahoo.com .